کەسێک بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لەلایەن دادگای شۆڕش سزای لەسێدارەدانی بەسەر سەپێنرا

کەسێکی هاوڵاتی کوردستان بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر سەپێنرا.

هێکخراوەی مافی مرۆڤی هەنگاو ڕایگەیاند، ئیدریس ئالی تەمەن 31 ساڵ کە باوکی دوو منداڵە، لەلایەن لقی سێی دادگای شۆڕشی ئیسلامی وەرمێ بۆتۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل سزای سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە.

ئیدریس ئالی نزیکەی سێ مانگ پێش ئێستا لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە لە سەردەشت دەستگیرکرابوو و لە کۆتاییدا بە زیندانی سیاسی بەندیخانەی وەرمێ لە هەژهەڵاتی کوردستان گواستراوەتەوە، تا ئێستاش لەو بەندیخانەیە.

دەسێکەی ئیدریس ئالی دوای ناڕازایەتی بەرامبەر بە سزای سێدارە، دەسێکە بە دیوانی باڵای وڵات نەردرا، ناوبراو تائێستا لە مافە سەرەتاییەکان وەکو پەیوەندی و چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر بەبەش بووە.